دەربازکەسرەت رەسوول: لە کێبوونەوەکانی داهاتووی یەکێتی و پارتی گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئاماژە بەوە دەکات لە کێبوونەوەکانی داهاتووی یەکێتی و پارتی گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن.

دەربازکەسرەت رەسوول، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆنفراسنکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بەهۆی نەورۆز و جەژنی ڕەمەزانەوە کێبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان وەستاون؛ دەشڵێت، کێبوونەوەکان دوای کۆتاییهاتنی پشووەکان، دەست پێ دەکەنەوە.

وتیشی دوایین کێبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تایبەت بوو بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگەی هاوبەش و تەواو کراوە.

دەربازکەسرەت رەسوول ئاماژەی بەوەش کرد، لە کێبوونەوەکانی داهاتوودا گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جەختیشی کردەوە، کێبوونەوەکان تاوەکوو ئێستا

ئەرێنین. گوتیشی، سەرەڕای ئەوەی پرسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم درێژەی کێشاوە، بەڵام بەڵێنی پۆیست زانراوە پرسەکە زۆر وردبێت بۆ ئەوەی هووبەووی کێشە سیاسی و کارگێڕییەکان نەبنەوە.